

ئاو ٩٩.٩٪
کەرەستەی ڕەق ٠.١٪
کەرەستەی نائەندامی ٣٠٪
کەرەستەی ئەندامی ٧٠٪
کانزا
خوێ
نیشتن
پرۆتینات ٦٥٪
کاربۆهیدرات ٢٥٪
چەوری ١٠٪

**بەشی یەکەم**

## ١-سەرچاوەی ئاوی ئاوەڕۆ ( ئاوی گران ):-

**ئاوی ئاوەڕۆ دابەش دەبێت بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە لەو جێگایەی لێی دلروست دەبێت :**

**ا- ئاوی ئاوەڕۆی شارەوانی ( نیشتەجێ ) :**

**مەبەست لەم ئاوەڕۆیە دروست بونی ئاوەڕۆیە لە پاشماوەی ئاوەڕۆی ماڵان و ئاودەست و پاشماوەی چێشتخانەکان و جێگا بازرگانیەکان**

**ب- ئاوی ئاوەڕۆی پیشەسازی :**

**مەبەست لەم ئاوی ئاوەڕۆیە به ئاکام دێت لە دەرئە نجامی دامەزراوە پیشە سازیەکان**

## ٢-تۆڕی کۆکردنەوەی ئاوی پاشماوە :-

**تۆڕی کۆکردنەوەی ئاوی پاشماوە دابەش دەبێت بۆ سێ بەشی سەرەکی :**

**ا-تۆڕی ئاوەڕۆی تەندروستی :**

**مەبەست بەدوای یەکچون لە کۆکردنەوەو گواستنەوەی ئاوی پاشماوەی ماڵان و جێگا پیشەسازیەکان و بازرگانیەکانە**

**ب- تۆڕی ئـــــاوی باران ئاو :**

**مەبەست بەدوای یەکچون لە کۆکردنەوەو گواستنەوەی ئاوی باران ئاوی سەر جادەو بەردەمی ماڵانە**

**ج-تۆڕی ئـــاوەڕۆی هاوبەش :**

**مەبەست بەدوای یەکچون لە کۆکردنەوەو گواستنەوەی ئاوی پاشماوەی ماڵان و ئاوی باران ئاوی سەر جادەیە**

## ٣- پێكهاتەو تایبەتمەندی ئاوی پاشماوە :

مەبەســـــت لەوەیە بزانین ئاوی ئاوەڕۆ چەندە لە پاشماوەی ئاوی ئاوەڕۆدا ڕێژەی لە ٩٩,٩ ٪ بریتیە لە ئاو ئەو دواشی بریتیە لە

پاشماوەی مادەی ئەندامی و نـــــــــــا ئەندامی پیـــــــــــێك دێت . هەروەها ئە بڕانە ئەگۆڕێت بە كارتێكردنی ئاوی پاشماوەكان

لە مرۆڤەوە بن یان لە لە ڕووەكی یانیش ئاژەڵ ئیتر ئەمانە بڕی مادەی ئەندامی و نائەندامی دیاری دەكەن لە ئاوی پــــاشەڕۆكان دا دەگاتە ٧٠ ٪ , مادەی نائەندامی دەگاتە ٣٠٪ , ئەو مادە ئەندامیانەش بە زۆری پێك دێت لە ئاوێتە كیمیایەكانی وەك ئۆكسجین و نایترۆجین و فسفۆڕ وە باشترین وە باشترین ئاویتەی ئەندامی لە ٦٥ ٪ ئاویتەی پرۆتین . وە كاربۆهایتراتیش پـــــــــــیك دێت لە

٢٥٪ ی ڕێژەكەی , ئەو دوای تریش مادەی چەوریە بەڵام مادەی نا ئەندامی پێك دێت لـــــە كبریت ,كلۆریدات ,فسفۆڕ كانزای گران ئەم كەرەستـــــانەش هەژمار دەكرێن ئەگەر ئەندامی یان نا ئەندامی بن لە پێكهاتەی ئاوی پاشماوەی پیس هەروەها ئەمانەش لە ئاودا هەن بەشێوەی هەڵواستراو چارەسەركردنیان ئاســـــانە بە ڕێگەی نیشتن ,بەڵام ئەگەر تواوە بن چارەسەریان گرانە بە ڕێگەی نیشتن لیرەدا بەشێكی گەورەی كەرەستە ئەندامیەكان توانای شیكردنەوەی هەیە وەكو شەكرو كحول .


ئاو 99.9٪
کەرەستەی ڕەق 0.1٪
کەرەستەی نائەندامی 30٪
کەرەستەی ئەندامی 70٪
کانزا
خوێ
نیشتن
پرۆتینات 65٪
کاربۆهیدرات 25٪
چەوری 10٪

## ٤- پیوانەی پلەی پیس بوون و بڕی چارەسەرکردن :

### ا- تاقیکردنەوەی داواکاریی کیمیای لەسەر ئۆکسجین .

پیوانەی پلەی پیس بوون وە توانای چارەسەر کردن لە ڕێگای بەکارهێنانی پشکنینی داواکاری بەرز لە ئۆکسجین بۆ ئاوی پاشماوە وە ئەم پشکنینەش دەکرێت لە پیناو زانینی بڕی ئۆکسجینی گەورە بە بەکتریای هەوا و بۆ ئۆکسەدە هەیە , پیسیە ئەندامیەکان کە تـــــوانای شیکردنەوەی هەوایان هەیە لە هەمان کاتدا بڕوخین و بگۆڕین بۆ کەرەستەی نا ئەندامی کە ئەتوانین بە شێوەی کیمیای دەریان بڕین

کاربۆن ئەندامی + ئۆکسجین ..............................................دووەم ئۆکسیدی کاربۆن + ئە نجامی تری نا ئەندامی

نیترۆجین + ئۆکسجین ..............................................نــــــــــــــــــیترات + ئە نجامی تری نا ئەندامی

فسفۆر ئەندامی + ئۆکسجین .............................................. فـــــــــــــــــۆسفات + ئە نجامی تری نا ئەندامی

ئەم شیکردنەوانە پیویستیان بە کاتێکی زۆرە تەنانەت ٢٠ ڕۆژ لێرەدا چەنــــــد هۆکارێك هەن وەك وەکو گەرما کاردانەوەی هەیە لەسەر دەرئە نجامەکە وەکو بزانین ئەوانەی کاردەکەن لە پلەی گەرمای ٢٠ پلەی سەدی

### ب – تاقیکردنەوەی کیمیای لەسەر ئۆکسجین :

پێوانە کردنی ئم تاقیکردنەوەیە بــــــە بەراورد لەگەڵ تاقیکردنەوەی داواکردنی کیمیای زیندوو لە ئۆکسجین , بڕی ئۆکسجینی گشتی پێویست بۆ ئۆکسەدەی ئەو کەرەستە جیاوازانەی لە ئاوی پاشەڕۆدا هەن ئەگەر بێتو ئەندامی بێت یان نا ئەندامی , بۆنمونە هەندێ ئاوێتەی لە ناوبردنی مێشولە هەن زیاتر پێویستی بە سەرفکردنی ئـــــــــــۆکسجین هەیە , وە بەکتریای هەوا هەن پێویستی پێیەتی بۆ شیکردنەوەی کەرەستە ئەندامیەکان لێرەدا ئەوە دەردەکەوێ بڕی داواکاری کیمیای لە ئۆکسجین زیاترە لە بڕی داواکاری کیمیای زیندوو .

## ٥ – پیسیەکان :

**ئەمانەی لای خوارەوە پیسایەکانی ناو ئاوی پاشەڕۆن :**

**ا – هۆکاری نەخۆشی :**

**ئاوی پاشماوە زۆر هۆکاری تێدایە دەبێت بە نەخۆشی وەك میکرۆب و ڤایرۆس کە ئەمانە هەمووی ترسناکن لەسەر تەندرووستی مرۆڤ دەبێت هەموو کاتێك دووربین لەو شوێنانەی کە ئاوی پاشماوەی تێدایە**

**ب – کەرەستە هەڵواستراوەکان :**

**کەرەستە هەڵواستراوەکان لە ئاوی پاشماوەدا کاردەکەن بۆ رووپۆشکردنی میکرۆب پاراستنی لە کەرەستە لە ناو بەرەکان کە دەبنە هۆی پارچە پارچە کردن و لە ناوبردنی پێویستی بەکەرەستەی زیاتر هەیە بۆ لە ناو بردنی .**

**ج – فسفۆڕ و نایترۆجین :**

**زیادی ڕێژەی فسفۆڕ و نایترۆجین لە ئاو دا دەبێتە هۆی قەوزە وە ئەمەش لە ئاوە وەستاوەکاندا وە لە بەنداوەکان لە شێوەی ئەمانەو چەندین جار لەمانەش گەورەتر ئەوەندە زیان بەخشە دەبێتە هۆی دروست بـــــــــوونی تەبەقەیەك لەسەر ڕووی ئاوەکە وە بۆنێکی ناخۆش دەرئەکات و تـــــــــامی ئاوەکەش ئەگۆڕێت و ئەبێتە هۆی پەکخستن و پاککردنەوەی ئاو بە مەبەستی خواردنەوە لەسەروی ئەمەش دا لە کاتی مردنی قەوزەکاندا پێویستی زیاتری بە داواکاری ئۆکسجین هەیە ئەمەش ئەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کاریگەری لە ئاود**

**د – کانزا گرانەکان :**

**ئەبینین وەك لە زۆربەی تاقیکردنەوەکاندا زۆر جـــــــــــار هەندێ کانزای گران وەك زیو , زنك , قورقۆشم لە ئاوی پاشماوەدایە ئەمەش بە هۆی ئەو کارگە پیشەسازیانە لە ئـــاوەڕۆی دانیشتوان وە لێرەدا ئەمەش هەرچەند ڕێژەی ئەم کانزایانە کەمیش بێت لە ناو ئاوی پاشماوەدا هەر زەرەرو زیانی زۆری هەیە تـــــــەندروستی مرۆڤ هەروەها دەبێتە هۆی پەك کەوتنی پرۆسەی چارەسەرکردن .**

**ھ – خویی تواوە :**

**بەکارهێنانی ئاو لە ماڵـــــــــــاندا ئەبێتە هۆی زیادی ڕێژەی خوێیە ڕێژەی ٣٠٠ – ٤٠٠ ملگم/لیتر لە خوێی کانزای تواوە , ئەم خوێیـــــــانەش وەك کالسیۆم , مەگنەسیۆم , سۆدیۆم , , کلۆرید , فۆسفات سەرجەمیان بەشێوەی خوێی کانزای یان خوێی تواوە لە ئاوی پاشماوەدا بە چڕی هەن توانای زۆریان هەیە لەبەر ئەوە زۆر کات بە کاردێت بۆ کشتوکاڵ .**

## ٦- یەکەی پێوانەی چڕی توانای پیسی :

بڕی پیسی لە ناو ئاوی پاشماوەدا ڕێژەیەکی زۆر کەم ٠,١ ٪ زیاتر نەبێت کەواتە ( ١ گم/لیتر ) وە پێوانەی چڕی توانای یەکەی ژمارەی ملکم پیسی لە یەك لیتری ئاودا (ملکم /لیتر) وە ئەو بەیەك بەش لەیەك ملوێن دا بەبێ هیچ هەڵەیەك ئەژمار دەکرێت , ئەم یەکە پێوانەیەش بەربڵاوە لە وێستگەکانی چارەسەرکردنی ئاوی پاشماوە .

## ٧- هۆکارە باشەکانی پاککردنەوەی ئاوی پاشماوە :

ا - ڕێگا گرتن لە بڵاوبونەوەی نەخۆشی و پەتا و هۆکارەکانی نەخۆشی .

ب – پـــــــــــــــــاراستنی ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی لە پیس بوون .

ج – پـــــــــــــــــاراستنی سەرجەم ئەندامەکانی سروشت بە گشتی .

د – دووبـــــــــــــــــارە بەکارهێنانی پاشماوە دوای چارەسەرکردن .

بەشی دووەم

تایبەتمەندی ئاوی ئاوەڕۆ

## ١- پێکهاتەی ئاوی ئاوەڕۆ :

ا – پاشماوەی مرۆڤ یان ئاژەڵ .

ب- پاشماوەی پیشەسازی .

ج – ئاوی باران .

د-ئاوی ئاورشەو لێچوونی باران .

## ٢- شێوەیەکی گشتی بۆ ئاوەڕۆ :

ئەگەر تەماشای ئاوی ئاوەڕۆ یان ئاوی پاشماوە بکەین بە شێوەیەکی گشتی ئاوێك دەبینین بە ڕەنگی خۆڵەمێشی یان تاریکی پڕ لە کەرەستەی وشك وە خاسك وە بۆنێکی زۆر ناخۆشی ئەبێت پاشماوەی مرۆڤ لەسەر ئاوەکەیە هەروەها کەرەستەی دیکەش ,بەڕۆشتنی کات ئەو ڕەنگە خۆڵەمێشیە دەگۆڕێ بۆ ڕنگی ڕەش و بۆنێکی زۆر ناخۆش دەردەکات .

## ٣- کەرەستە ڕەقەکان لە ناو ئاوی ئاوەڕۆدا :

لە پێشتر لێوە کردن کە ئاوی ئـــــاوەڕۆ پێك هاتووە لە ئاو و مەوادی ڕەق ڕێژەکە دەگاتە ٠,١ ٪ کێشی گشتی ئاو لە هەمان کاتدا کەرەستەیەکی زیـــان بەخشە و گرانەلابردن و لادانیان ,بەشێوەیکی ئاسان دابەش دەبن بۆ سروشتە کیمیایەکان وە بۆ کەرەستەی ئەندامی و نا ئەندامی وە سروشتی فیزیای بۆ کەرەستەی تواوە و هەڵواستراو .

## ٣- کەرەستەی ئەندامی :

کەرەستەی ئەندامی پێك هاتووە لە کەرەستەی مرۆڤ یان ڕووە لە ڕاستی دا ئەمانەش لە خۆ دەگرێت وەك پاشەڕۆی ئاژەڵی زیندوو مردوو چەند ئـــــــــــــاوێتەی پیشەسازی وە ئاوێتەی کاربۆن و کبریت و فۆسفۆری تیدایە ,وە باشتری کۆمەڵە وەکو پرۆتینات و کاربۆهایدرات و چەوری هەموو ئەم کەرەستانەش ئەگونجێن شیکردنەوەی بایۆلۆجی لە ڕێگای بەکتریا .

# ژینگە پیسەکان

## چارەسەری ئاو ئاوەڕۆ ( المعالجة میا ثقیلة )

**پێشەکی :**

هــــــــــمووان دەزانین لەم جیهانەدا زۆر شتی باش هەن و زۆر شتی خراپ هەن بــــە هەردوو شێوەکەش کاریکەری تلیبەتیان لـــــــەسەر ژیانی مرۆڤ هەیە , مرۆڤ لــــە سەرەتای ژیانیەوە دەرکی کـــردووە بە باشی و خرا پی وە بە بەسوودی یان بیّ سوودی وە هەروەهـــــا هەوڵی بیّ وچانی داوە لە هەردو شێوەکەوە بۆ ریزبەندی سوود و بێسوود تـــــاکو بتوانرێت بگاتە ئەو ئـــــــاستەی هەموو شتەکان لە پێناوی خزمەتی مرۆڤ دا بێت وە ئەمەش دیارە لای هەمووان کەواتە ژیان هبێت مرۆڤیش هەیە مرۆڤیش هەبێت ژیانیش هەیە لە هەر جێگایەکی ئەم جیهانەدا بێت لە شاربێت یان لە لادێ پـــــاشماوەشی هەیە .دەبێت ئێمە بووە ستێن و هەڵوێستە بکەین بزانە ئەو پاشماوانەی ڕۆژانە دەکەوێتەوە بەسوودە یان بێسوودە ,بۆ ئەمەش ئەو پاشماوەیەی بـــــاسی لێوە دەکەین ئاوی ئاوەڕۆیە هەڵبەتە بێسوودە و زیان بەخشە بۆسەر ژیانی مرۆڤ ,لێرەدا باس لە جۆر و کۆکردنەوەو دوور خستنەوەو چارەسەری ئاوی ئاوەڕۆ یە

وه سوود وەرگرتن لەو ئاوەش بۆڕاگرتنی ژینگەیەکی پاك ,وەکو دیارە زاناکان و ئەندازیاران بە پێی ئەو هەلومەرجەی کە تێیدابوون لە هەموو کاتدا بیریان لای ئەوە بووە ڕەوڕوەی ژیانی مرۆڤ ئاسوودە بکەن لێرەدا

کورتە باسێك دەکەین لەسەر چارەسەری ئەم پاشماوە زیان بەخشانە و چۆنێتی مامەڵەکردن بە شێوەیەکی زانستی وە ڕێگای فیزیای و کیمیای تاکو بگەین بەو ئامانجەی ئەم پاشماوە زیان بەخشانە وەرگێڕین بۆ شێوەیەکی سوودمەند ,هیوا دەخوازم لە یەزدانی مەزن هەموو لایەك ئاسوودە و خۆش کوزەران بن .